The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
ÇAK
contact@chak.info

# ڕێكخراوی چاک له نێو په رله مانی سوید، گفتوگۆ له سه ر هه سه له ی ئه نفال وهه ڵه بجه له گه ل په رله ما نتاران ده كات



**په رله مانتارێكی سویدی / دڵنیابن سه ر جه م داخوازیه كانتان زۆر به گرنگی سه یر ده كه ین.**

**له درێژه ی كارو چالاكیه كانی ڕێكخراوی چاكدا ، بۆ مه سه له ی ئه نفال و هه ڵه بجه ، له نێوه نده سیاسیه كانی ئه ورپادا، دانیشتنێک ساز كرا ، له نێوان ڕێكخراوی (چاک سوید) له گه ڵ گروپێک له په رله مانتارانی سویددا، ئه م گروپه چه ند مانگێک ده بێت له نێوان خۆیان گروپ نێتێكیان پێک هێناوه ، بۆ دۆستایه تی و پشتگیری كردنی كردنی كێشه ی كورد له هه موو پارچه كاندا كه پێک هاتووه له (پارتی چه پ ، پارتی گه ل ، پارتی كریستینه كان) كه به نوێنه رایه تی هه ر 3 پارت 109 ئه ندام په رله مانیان هه یه .**

**ڕۆژی 5/18 وەفدێكی ڕێكخراوەی چاک كه پێک هاتبوو له ( حەمه دۆستان، ئامینه كاكه باوه ، قادر نادر، روناک شوانی ) چاویان كەوت به( ئوله هۆڤمان و هانز ئارڤیدسۆن) . هەر به ناوی ئەو گروپەشەوە، پێشوزیان له وەفدی چاک كرد و داوای لێبوردنیشیان كرد كه چەند ئەندامێكی تر به بۆنەی كارو باری زۆرەوە نەیانتوانی، ئامادەی كۆبوونەوەكه بن.**

**پاش خۆ ناساندنی ئەندامانی چاک به پارلەمانتاران ، وه بەهۆی ئاماده بوونی چەند خوێندكارێكی سویدی له كۆبوونەوەكه، ئەوان داوایان له وەفدی چاک كرد كه كورتەیەک لەسەر(چاک، ئەنفال ، هەڵەبجه وپێشمەرگه) بۆ ئاماده بووان باس بكرێ ، لەبەر ئەوەی ئەم ووشانه بۆ ئەوان تازەو نامۆیه. وەفدی چاک لەسەر هەر یەكێک له م ووشانه كوورته یه كی بۆ باس كرد ن .**

**پاشان باس لەوه كرا ، كه گروپی پشتیوان و دۆستی كورد له پەرلەمانی سوێدا ، خەریكی خۆ ئاماده كردنه بۆ دیباتێكی فراوان له مانگی شه ش ، لەسەر كێشەی كورد له هەرچوار پارچەی كوردستاندا. هەر بۆ ئەم مەبەستەش داوایان كرد له كاک حەمه دۆستان كه وەک ئەندامی چاک به شداری ئەو دیباته بێ ، كه به سوپاسه وه كاک حه مه دۆستان قبولی كرد.**

**وه وه ک ڕێكخراوی چاكیش سوپاسمان كردن كه كێشه ی هه موو پارچه كانی كوردستان له په رله مانی سوید باس ده كه ن، پاشان وەفدی چاک داخوازییەكانیان خسته روو كه پێک هاتبوو له :**

**1.بەفەرمی ناساندنی ڕۆژی 3/16 وەک ڕۆژێكی جیهانی دژ به چه كی كۆمه ڵكوژی له جیهاندا، وه تاوانی ئه نفال وهه ڵه بجه وه ک تاوانی جینۆساید بناسرێت.**

**2. حكومەتی سوید فشار بخاته سه ر حكومه تی میسر بۆ ئاشكراكردنی چارەنووسی 18 كچی ئه نفالكراوی كورد ، كه له پرۆسه یه كی نێوان ووڵاتی میسر ده زگا موخابه راتی عێراقەوه ئه نجام دراوه ، شایه نی باسه وه فدی چاک به به ڵگه وه دۆكۆمێنته كانی خسته به رده ستیان**

**.،ئە مە جگە لە باس کردنی فرۆشتنی وولاتی میسر بە هە زاران تە ن لە چە کی کیمیاوی بۆ ڕژێمی سە دامدا، کە چاک بە بە لگە وە ئە م تاوانە ی میسری لە بە ردە ستە .**

**3. شاری هەڵەبجەو دانیشتوانی تا ئێستاش لەژێرباری ئاسەوارەکانی هێرشی کیمیایی دەناڵێنن ، پێویستییان بە کۆمەکی یەکجازۆرهەیە ، لە بنیات نانەوەی شارەکە ، لە ئاوی پاک و کارەبا ونەخۆشخانەدا ، ئێستاش منداڵی کەم ئەندام لە دایک ئەبێ. ژینگەو خاکی هەڵەبجە ژەهراوییە و کاریگەری هەیە لەسەر کشتوکاڵ وئاژەڵداری لەو دەڤەرەدا.**

**4.ئێمە داوا ئەکەین لە حکومەتی سوید، کە فشار بخاتە سە ر دەسەڵاتدارانی حکومە تی ئێراق و کوردستان ، تا ئاووڕێک لە ژیانی خە لکی ئە نفالکراو ناوچە کیمیاباران کراوە کان بدە نە وە ، هە ر لە م بارە وە بێ بە بە رنامە یی هە ر دوو حکومە تمان باس کرد، لە نە بوونی هیچ پڕۆژە یە کی گرنگی خزمە تگوزاری بۆ خە ڵکی ئە م ناوچە یە .**

**5. وەک ڕێکخراوەی چاک داوامان کرد، کە ڕۆژێکمان بۆ دیاری بکرێت ، بۆ پێشکەش کردنی بابەتێک لەسەر ئەنفال وهەڵەبجە لە پەرلەمانی سویددا.**
**هەردوو پارلەمەنتار داخوازییەکانیان بە مافێکی ئینسانی دانا و پەیمانیان دا کە هەندێک لە خاڵەکان هەنووکەیین و توانای جێبەجێکردنیان هەیە ، وەک خاڵی یەکەم ودووە م ، چونکە پێشووتر هە ندێ گفتوگۆی لە سە ر کراوە کە زیاتریشی لە سە ر دە کە ین، دواتر بە ناوی ئە وگروپە وە نامەیەک ئەنێرین بۆ حکومە ت و وەزارەتی دەرەوەی سویددا .هەروا بۆ پێشکەشکردنی بابەت لە پەرلەمان و بەستنی کۆنفرانسێکی فراوان لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە کە لە سوید بکرێ ، ئەوا ئەتوانرێ ئەو داخوازیە پاش دامەزراندنی حکومەتی نوێی سوید واتا پاش هەڵبژاردنەکانی مانگی سێپتەمبەر جێبەجێبکرێ .**
**پاشان پارلەمانتار هانز ئارڤیدسۆن باسی ئەوەی کرد کە لە هەموو جەنگەکانی کە بە درێژایی مێژوو لە جیهاندا بەرپا کراوە بە ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجەوەش یەکەم زەرەرمەند ژن ومنداڵ وخەڵکی سیڤیلن بۆیە هەر یارمەتییەک کە بەو خەڵکە بکرێ کەمە و ناتوانێ ئەو ئاسەوارانەیان لەلا بسرێتەوە.**
**لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا وەفدی چاک سوپاسی هەردوو پارلەمانتاریان کردو هیوایان خواست کە پەیوەندییەکان بەردەوام بن و داخوازییەکانیش جێبەجێبکرێ . هەردوو پارلەمانتاریش بەدەوری خۆیان سوپاسی هاتنی وەفدی چاکیان کردودووبارە پەیمانیان دا کە داواکانیان بە جیددی وەرئەگیرێ وهیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستین.**

**ناوە ندی هە لە بجە دژ بە ئە نفالکردن و جینۆسایدی گە لی کورد/ چاک** 2006 /5/19